گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/fzqzh814

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 28/01/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 28/04/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# مێتافۆڕی چەمکیی کات لە زمانی کوردیدا

**گوڵچین عزیز محمدامین[١] - قیس کاکل تۆفیق[٢]**
qais.kakl@soran.edu.iq - gulchin.muhammadamin@soran.edu.iq
[١+٢]بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، هەرێمی کوردستان. عیراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مێتافۆڕی چەمکیی کات لە زمانی کوردیدا) یە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی تێڕوانین و جیهانبینی کورد سەبارەت بە کات وەك چەمکێکی مەعریفی لە زمانی کوردیدا، تیایدا هاوکێشەی کات-جوڵە دێتەکایەوە و وەك جوڵە سەیری کات دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چۆنیەتی دەرکەوتن و ئەزمونکردنی چەمکی کات و پەیوەندیی بە ئیدراکی مرۆڤ، هەروەها پەیوەندیی بە لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی تاك خراوەتەڕو، پاشان ئاماژە بە چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی مێتافۆڕی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا کراوە.

داتای توێژینەوەکە هەڵێنجراوی ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی ئاخێوەری زاری ناوەڕاستی زمانی کوردییە. لە شیکردنەوەی داتاکاندا پشت بە مۆدێلە مەعریفییەکانی کات لە چوارچێوەی قوتابخانەی سیمانتیکی مەعریفی بەستراوە، کە لەلایەن (لاکۆف و جۆنسن)ەوە خراوەتەڕو، لە هەمان کاتدا ئاماژە بە چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەزمون (وەك تێڕوانینی سەرەکی قوتابخانەی سیمانتیکی مەعریفی) لە سیستەمی هزری تاکی کورد، کاریگەری ئیدراکی مرۆڤ و چۆنییەتی نواندنیان لە دەربڕینەکانی زمانی کوردییدا کراوە، تیایدا بەشێوەیەکی هاوسەنگ جوڵەی کات و وەستانی ئیگۆ، بەپێچەوانەشەوە دەبینرێت.

جگەلەمە چۆنیەتی گۆڕانی ماوەی کات و شێوەی هەستکردن بە گۆڕانی ماوەی کات (درێژبون و کورتبونی کات) بەپێی ئەزمونی هەستی ناوەکی و ئیدراکی تاك یەکێکیترن لەو لایەنانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕو، لەگەڵ دیاریکردنی هەڵکەوتە و شوێنی ڕوداوە کاتییەکان بەپێی مۆدێلی زنجیرەی کاتی و بەراوردکردنیان بە یەکتری.

وشە کلیلییەکان: سیمانتیکی مەعریفی، مێتافۆڕی چەمکی، کات، ئەزمون، ئیگۆ، جوڵە.

# Conceptual Metaphor of Time in Kurdish

**Gulchin Azeez Muhammad Ameen[1] - Qais Kakl Tofiq[2]**

[1+2]Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study is entitled conceptual metaphor of time in Kurdish. It attempts to indicate the perception and worldview of Kurdish concerning time as a cognitive concept in Kurdish language, in which time can be seen as a moving entity. In addition to that, the study demonstrates the emergence and experience of time concept in related to human perception, psychological and social aspects. Hence, it focuses on the way of reflecting conceptual metaphor of time in Kurdish.

The data of the study have been taken from the daily use conversations of the Central Kurdish speakers. The study draws upon cognitive models of time for the analysis of the data within the framework of cognitive semantics which is proposed by Lakoff and Johnson. Moreover, the study identifies the way of reflecting experience as a basic principle of cognitive semantic on the Kurdish individual thoughts as well as the influence of human perception and self-perceptions in Kurdish expressions in which time moving and ego depletion vice versa are shown in a balanced way.

Additionally, the way of time perception which is measured by time duration and changing (lengthening and shortening) in terms of inner sensory experience and individual perception is another point presented in this study, along with unfolding the location of temporary events according to time series model and comparing with each other.

**Keywords:** Cognitive Semantics, Conceptual Metaphors, Time, Experience, Ego, Moving.

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوە:** توێژینەوەکە بە ناونیشانی (مێتافۆڕی چەمکیی کات لە زمانی کوردیدا)یە، تیایدا هەوڵی ناساندن و خستنەڕوی مێتافۆڕی چەمکی و چۆنیەتی بەچەمکبونی کات لە زمانی کوردیدا دراوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی تایبەتمەند بە مێتافۆڕی چەمکی کات و لە چوارچێوەی سیمانتیکی مەعریفی لە زمانی کوردیدا ئەنجام نەدراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** لەوەدایە، کە لایەنێکی گرنگی وەك چەمکی کات لە پرۆسەی بەمێتافۆرکردن لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕو، لە هەمان کاتدا دەکرێ ببێتە دەروازەیەکیش بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بابەتە زمانییە مەعریفییەکانیتر، کە قوتابخانەی زمانەوانی-سیمانتیکی مەعریفی لەژێر سێبەری مێتافۆڕی چەمکیدا بانگەشەی بۆ دەکات.

**سنوری توێژینەوەکە:** لە ئاستی سیمانتیکی مەعریفیدایە، چونکە مێتافۆڕی چەمکی تیۆرێکی سیمانتیکی مەعریفییە.

**داتای توێژینەوەکە:** لە (زاری ناوەڕاست)ی زمانی کوردی وەرگیراوە، پاشان بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی وەسفی شیکاریی و بە پشتبەستن بە (مۆدێلە مەعریفییەکانی کات)، کە لە لایەن (لاکۆف و جۆنسن)ەوە خراوەتەڕو، لێکدانەوەی بۆ کراوە.

**پرسیاری توێژینەوەکە** بریتییە لە:

- ئایا کورد چۆن سەیری کاتی کردوە و هەڵیسەنگاندوە؟ ئەو هاوکێشە جیهانیەی بۆ کات-جوڵە هەیە تا چەند لەگەڵ کۆمەڵگا و زمانی کوردیشدا دەگونجێ؟
- میکانیزمەکانی دەربڕینی مێتافۆڕی کات لە زمانی کوردیدا چین؟ لە کوردیدا چۆن گوزارشت لە مێتافۆڕی کات کراوە؟

لەم توێژینەوەیە لەپاڵ بونی پوختە، پێشەکی و ئەنجام؛ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە خراوەتەڕو، تیایدا تیشك خراوەتە سەر پوختەیەکی تیۆری لەبارەی مێتافۆڕی چەمکی و چەمکی کات و جۆرەکانی، پاشان پەیوەندی کات-ئەزمون، ئیدراکی مرۆڤ و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی چەمکیی کات لە زمانی کوردیدا خراوەتەڕو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی مێتافۆڕە چەمکییەکانی کات و لێکدانەوەیان بەپێی مۆدێلە مەعریفییەکانی کات.

## 1. مێتافۆڕی چەمکی [1]

تیۆری مێتافۆڕی چەمکی بۆ یەکەمجار لەلایەن لاکۆف و جۆنسن لە کتێبەکەیان بە ناونیشانی ( Metaphors We Live By)[2] لە ساڵی ١٩٨٠دا خراوەتەڕو. ئەم تیۆرە ڕوانگەیەکی نوێیە، بۆچونی دێرین لەبارەی مێتافۆڕ ڕەتدەکاتەوە و لە چوارچێوەی سیمانتیکی مەعریفییەوە سەریهەڵداوە.

ئەم ڕوانگە نوێیە بیرۆکەیەکی ئاوەزی نوێ دەخاتەڕو: مێتافۆڕ تەنیا بابەتێکی ڕیتۆریکی تایبەت بە زمانی ئەدەبی یا تایبەت بە دەستەواژە و ئاستێکی دیاریکراوی زمانی نییە، بەڵکو مێتافۆڕ چەمکە، ڕیشەکەی بۆ ناو سیستەمی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی عەقڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئەبستراکتەکان پشت بەو زانیاریانە دەبەستێ، کە پێشوتر ئەزمونکراون و خراونەتە ئاوەزەوە، دواتر لە بەرهەمهێنانی چەمکی نوێدا دوبارە بەکاردەهێنرێنەوە و تێگەیشتن و واتایەکی نوێیان پێدەبەخشن. بەشێکی زۆری پاڵنەرە تیۆرییە سەرەتاییەکانی بۆ پەیوەندی نێوان زمان، عەقڵ و ئەزمونی بەرجەستەکراوی مرۆڤ دابینکراوە(Evans, Bergen and Zinken, 2007: 263-265).

کەواتە دەکرێ بڵێین مێتافۆر ئامرازێکی گرنگە لە ئاراستەکردنی بیرکردنەوە و کردارەکانی مرۆڤ، ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە تێگەیشتن و ئاشنابون بە دیاردە و بابەتە ئاوەزی و ئەبستراکتەکان پاڵپشت بەو ئەزمونانەی، کە تاك لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرجەستەیان دەکات.

بەپێی بۆچونی لاکۆف و جۆنسن مێتافۆر پێکهاتوە لە کۆمەڵێك نەخشە، کە لە نێوان بوارە چەمکییەکاندا سازکراون و بەستەرێك هەیە لە ئاستێکی قوڵ (عەقڵ و مەعریفە) دایە (نەك ئاستی زمان) و هەردو بوارە چەمکییەکە بەیەك دەبەستێتەوە(Lakoff and Johnsen, 2003: 8-10)

هەر واتایەکی مێتافۆری وەك بوارێکی چەمکی (ئامانج- target) لە بوارێکیتری چەمکی (سەرچاوە-sourse) بەرجەستە دەبێ بۆ ئاشناکردن و ناساندنی زیاتری بابەتە ئەبستراکت و ئاوەزییەکان. کەواتە دەکرێ بڵێین جەوهەری مێتافۆر بریتییە لە تێگەیشتن و ئەزمونکردنی شتێک لەناو شتێکی دیکەوە، بەمەش دەربڕینە مێتافۆرییەکان زانیاری نوێمان پێدەدەن لەسەر کارکردنی مێشك و مامەڵەکردنی لەگەڵ جیهانی دەوروبەرماندا(Lakoff and Johnsen: 2003: 8-10).

## 2.1 لایەنە سەرەکییەکانی مێتافۆری چەمکی

تیۆری مێتافۆری چەمکی کۆمەڵێك لایەن و بنەما لەخۆدەگرێت، کە پێیدەناسرێتەوە. لێرەدا هەندێک لە لایەنە سەرەکییەکانی بە پوختی دەخرێنەڕو، وەک چۆن لە بڵاوکراوەی کتێبی (Metaphors We Live By) لە ناوەڕاستی نەوەدەکان ئاماژەیان پێکراوە.

### 1.2.1 یەک ئاراستە بونی مێتافۆری چەمکی

یەکێك لەو تێبینییە گرنگانەی، کە لەلایەن تیۆرسازانی مێتافۆری چەمکییەوە کراوە یەك ئاراستەیی مێتافۆرە چەمکییەکانن. بەو واتایەیە، کە مێتافۆرەکان نەخشەی بوارێکی ئامانج لەسەر بوارێکی سەرچاوە دەکێشن، بەڵام بە پێچەوانەوە نا. زاراوەی 'ئامانج' و 'سەرچاوە' سروشتی یەک ئاراستەیی نەخشەسازییەکە کۆددەکەن، چونکە مێتافۆر بەراوردێکی دولایەنە نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکی مەعریفییە بۆ بوارێك یان چوارچێوەیەک لە ڕوی بوارێکی دیکەوە .(Lakoff and Johnson: 1980)

1- ڕابردو لە پشت خۆت جێبهێڵە.

2- لە پێش خۆت بڕوانە.

لاکۆف و تۆرنەر (1989) پێیانوایە، کە یەک ئاراستەیی تەنیا لەوکاتەدا پێکناهێنرێت، کە مێتافۆرێك یەك بواری هەبێ، بەڵکو تەنانەت، کە دو مێتافۆری جیاواز هەمان بواریان هەیە بە هەمان شێوە دەمێنێتەوە ( Lakoff and Johnson: 1980). بۆ نمونە لەم دو مێتافۆڕەی خوارەوە:

+ (مرۆڤەکان ئاژەڵن)

3- ئاژەڵەمرۆڤ زۆرن.

هەروەها لە:

+ (ئاژەڵەکان مرۆڤن)

4- ئاژەڵی لە مرۆڤ مرۆڤانەتر هەن.

هەرچەندە ڕەنگە هەندێکمان وا هەست بکەین، کە ئەم دو مێتافۆرە هەمان نەخشەی وێنەیی لەخۆدەگرن، بەڵام بە ورد بونەوە لێیان دەردەکەوێت، کە هەر مێتافۆرێک نەخشەیەکی جیاواز دەکێشێت.

لە مێتافۆڕی (مرۆڤەکان ئاژەڵن)، سیفەتە ئاژەڵییەکانی دور لە بەهای ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی و ئەو تایبەتمەندییانەی، کە پەیوەستن بە ئاژەڵەکانەوە بۆ مرۆڤەکان نەخشەکێشراوە، وەک درِندەیی، بێبەزەیی، پەلاماردان، هەڵکوتانەسەر و ترسناکی...

لە مێتافۆڕی (ئاژەڵەکان مرۆڤن)، ئەوە چەمکی هەستکردن، وەفاداربون، خۆشەویستی و بەزەیی نیشاندان، مەکربازی و خۆخۆشەویستکردنە....کە لەسەر بواری مرۆڤەکان بۆ بواری ئاژەڵەکان نەخشەی کێشراوە، کەواتە هەر مێتافۆڕێک لە سروشتدا جیاوازە، چونکە پشت بە نەخشەکێشانی جیاواز دەبەستێت. بەمپێیەش دەردەکەوێ، کە تەنانەت کاتێک دو مێتافۆر هەمان دو بواریان هەیە، ئەوا هەریەکە لە مێتافۆرکە لە سروشتدا جیاواز دەبن، چونکە پشت بە نەخشەکێشانی جیاواز دەبەستن.

### 2.2.1 ئامانج و سەرچاوە

نەخشەکێشانی مێتافۆڕی بە بونی دو بواری سەرەکی دەکرێت، نەخشەکێشانەکەش یەک ئاڕاستەییە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین دەستنیشانی هەریەکە لە بوارە چەمکییەکان بکەین و بە شێوەیەکی ئاسایی بواری سەرچاوە و بواری ئامانج جیابکەینەوە بۆچونی کۆڤێچش (٢٠٠٢) لەبەرچاو دەگرین، کە پێیوایە (باوترین ناوچەکانی سەرچاوە بۆ نەخشەکێشانی مێتافۆڕی بوارەکانی پەیوەندیدار بە جەستەی مرۆڤ (دڵی کێشەکە/ سەری مارەکەیە)، ئاژەڵەکان (ڕێویەکی فێڵبازە)، ڕوەکەکان (میوە-کارەکەی/ترێکە ترشە)، خۆراک (ئەو چیرۆکێکی ئامادە کردوە/ بابەتەکەی باش ترش و خوێ کرد) و هێزەکان (پاڵم مەدەن!)ن، لە کاتێکدا باوترین بوارەکانی ئامانج بریتیبون لە بابەتە ئایدییایی/ بیرۆکەییەکان وەک Emotion/ هەست (ئەو بە قوڵی جوڵەی دەکرد/ بە قوڵی بیری دەکردەوە)، ڕەوشت (ئەو بەرگری لە تاقیکردنەوەکە کرد/ بەرگری لە هەستەکانی کرد)، بیرکردنەوە (من خاڵەکەی تۆ دەبینم/ لێت تێدەگەم)، پەیوەندییە مرۆییەکان (ئەوان هاوسەرگیرییەکی بەهێزیان دروستکرد/ هاوسەرگیرییەکەیان سەرکەوتوبو) و کات (فڕینی کات/ وەستانی کات)؛ بۆچونەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو تا ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان ئەبستراکتی و ناڕونی چەمکە ئامانجەکان و کۆنکرێتی و فیزیکی/بەرجەستە بونی چەمکی سەرچاوەیان دوپاتدەکردەوە (Evans, Bergen and Zinken: 2007, 298). بۆ نمونە: چەمکی کات / بوارێکی ئەبستراکتە، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕوی بۆشایی و جوڵە وا پێناسە کراوە:

3- وا نەورۆز دێت.

4- کاتی ئەوە هاتوە، کە بڕیارێک بدەیت.

5- لە ڕۆژە دڵخوازەکانی تەمەنم نزیک دەبینەوە.

6- پەیوەندییەکەیان ماوەیەکی زۆری نەخایاند.

لە هەریەکە لە نمونەکانی (7-10) دو بواری سەرچاوە و ئامانج دەبینرێن، کە بەهۆی نەخشەکێشانی مێتافۆڕییەوە بواری ئامانج (جوڵە و بڕی کات) لەسەر بواری سەرچاوە (جوڵەی بونەوەرێك/ بڕی شتێك) نەخشەکێشراوە، تیایدا لە نمونەکانی (7،8) کات جوڵاوە و ئیگۆ/خود وەستاوە، بەڵام لە نمونەی (9) بە پێچەوانەوە کات وەستاوە و وەك شوێن یان شتێکی چەسپاو دەردەکەوێت، کە ئیگۆ/خود دەجوڵێت و بە ئاراستەیەوە هەنگاو دەنێت. لە نمونەی (10)یەمیشدا کات وەك کەرەستەیەك دەردەکەوێت، کە دەکرێت بڕ و چەندێتییەکەی دەستنیشانبکرێت.

## 3.2.1 لێکەوتەی مێتافۆڕیانە Metaphorical entailments

مێتافۆڕە چەمکییەکان جگە لەو تاکە نەخشانەی لەگەڵ خۆیان دەیانهێنن، لە هەمان کاتدا زانیاری زیاتر و هەندێک جار وردەکاریش لەخۆدەگرن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەدەستهێنانی لایەنەکانی بواری سەرچاوە بە ڕونی لە نەخشەکێشانەکەدا ئاماژەیان پێنەکراوە، بەمەش نەخشە چەمکییەکان دەردەکەون یا دەرەنجامی فراوانتر لەخۆدەگرن (Evans, Bergen and Zinken: 2007, 298).

گەشت:

7- هەنگاوبەهەنگاو گەشتەکەمان تێدەپەڕێنین.

8- ڕێگایەکی زۆرمان بڕی.

9- لەڕێگا سەرەکییەکە لاماندواە.

ئارگۆمێنت گەشتە.

10- لەناو کێشەکەدا نوقم بوم.

11- ئاخاوتنەکەمان بەردەوام دەبێت.

12- وەرەوە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە، لە خاڵی سەرەکی لاتداوە./ ڕاستەوخۆ بڕۆ ناو بابەتەکە.

13- کۆبونەوەکەمان بێسود بو، تا ئێستا نەگەیشتین بەهیچ ئەنجامێك.

14- جارێکی دی دوای ئەو قسە گەورانەت ناکەوم.

لەم ئارگۆمێنتانەی سەرەوە نەخشەیەك کێشراوە لە نێوان گەشت و ئارگۆمێنت، کە تیایدا بەشداربوانی ئارگۆمێنت و گەشتیارەکان هاوتان هەروەها ئارگۆمێنت و گەشتیش هاوتان. لەو ڕێگایەی، کە گیراوەتە بەر وەك چۆن دەکرێ گەشتیارەکان نەگەنە ئامانج یا سەرکەوتو نەبن لە گەشتەکەیان یان لە ڕێگای گەشتەکە لابدەن لە ئارگۆمێنتیش بەهەمان شێوەیە.

## 4.2.1 سیستەمی مێتافۆڕ

لە کارە سەرەتاییەکانی (لاکۆف و جۆنسن 1980) ئەوەیان خستەڕو، کە مێتافۆڕە چەمکییەکان کارلێك دەکەن و مێتافۆری ئاڵۆزتر پێکدێنن. ئەم سیستەمە کۆکراوەی کۆمەڵێك نەخشەکێشانی مێتافۆڕین، کە ڕێژەیەکی زیاتری مێتافۆڕی تایبەتتر بەرهەمدێنن. لاکۆف سیستەمێکی مێتافۆڕی بەناوی مێتافۆڕی پێکهاتەی ڕوداو دەخاتەڕو، کە تیایدا زنجیرەیەك مێتافۆڕ لە لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان کارلێکدەکەن(Evans, Bergen and Zinken: 2007, 300).

بارودۆخەکان شوێنن:

15- لەسەر ڕێی ڕاست بە.

گۆڕان جوڵەیە:

16- لە سییەکان دایە بۆ چل دەچێ.

هۆیەکانن هێزن:

17- سەرەڕای گرفتەکان ئەو هەر بەردەوام بو لە کارەکەی.

18- سەرەڕای نەخۆشییەکەی، توانی خوێندن تەواو بکات.

مەبەستەکان ئاراستەن:

19- دەبێ بگەم بەو شوێنەی، کە خۆم دەمەوێ/ بەدەستهێنانی پلە یا پۆستێك لە کار.

مەبەستەکان ڕێگان:

20- ڕێیەکی باش/ڕاستی هەڵبژارد لە ژیانیدا.

ئاستەنگەکان ڕێگرن لەبەردەم جوڵانەوە:

21- ئەو مەسەلەیە هەمیشە ڕێگر بوە لە بەرەوپێش چونی لە کارەکەیدا.

چالاکییە مەبەستدارەکان/سەرکێشییەکان گەشتن:

22- گەشتی ژیانی پڕبو لە بەسەرهاتی سەیروسەمەرە.

23- گەشتەکەی بە کۆتا هات/مرد.

لەم نمونانەدا بواری سەرچاوە گەشتە و بواری ئامانج ژیانە، ئەو ڕوداوانەی کە مێتافۆڕەکانی لێ دروستکراوە ڕوداوەکانی ژیانن، مەبەستەکانیش ئامانجەکانی ژیانن. لەبەرئەوەی مێتافۆڕەکان لە مێتافۆڕی پێکهاتەی ڕوداو بنیادنراون (ژیان گەشتێکە) بۆتە مێتافۆڕێکی ئاڵۆز و وێنەی نەخشەکێشانێکی ئاوێتەی پەیوەندار و بەیەکەوە بەندکراوی کێشاوە، هەریەکە لە نمونەکانی سەرەوەش پێکهاتەی مێتافۆڕێکی تایبەتی لەناو پێکهاتەی ڕوداوی ئاڵۆز وەردەگرێ.

## 5.2.1 نەگۆڕی

مەبەست لە بنەمای نەگۆڕ ئەوەیە، تارادەیەك سنورێك لە نەخشەکێشانی نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانجدا هەیە، بۆیە پێویستە پێکهاتەی ناوچە/بواری سەرچاوە پارێزراو بێت و لەکاتی نەخشەکێشاندا لەگەڵ ناوچەی ئامانج بگونجێ. بۆ نمونە ناکرێ ژیان بە گەشتێکی ئەبەدی دابنرێت، لەکاتێکدا نەخشەی وێنەیی گەشتی ئەبەدی لەگەڵ مردندا دەگونجێ. بەمپێیە بنەمای نەگۆڕ ئەوەش دەخاتەڕو، کە ئەو مێتافۆڕانەی لەگەڵ بواری ئامانجدا ناگونجێن لە نەخشەکێشاندا شکست دێنن، چونکە سەرچاوەی نەخشەکێشانی چەمکی عەقڵە و دەبێ ئەو دو بوارەی، کە نەخشەیان دەکێشرێت لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ بونیادی کلتوری-زمانی بگونجێت. دەکرێ بڵێین نەخشەکێشانی مێتافۆڕیی تایپۆلۆجیای مەعریفی/ پێکهاتەی نەخشەی وێنەیی بواری سەرچاوە دەپارێزێت بەشێوەیەك کە لەگەڵ پێکهاتەی بواری ئامانج هاوسەنگ بێ (Evans, Bergen and Zinken: 2007, 215).

24- ڕۆحی خۆی پێدەدا.

25- هەواڵێکی پێدەدا.

بواری سەرچاوەی هەردو نمونەکە گواستنەوەیە، لە یەکەمیان پەیوەندی بە دۆخێك و ئەوەی دوەم پەیوەندی بە ڕوداوێك هەیە.

## 6.2.1 سروشتیبونی مێتافۆڕی چەمکی

مێتافۆڕی چەمکی بابەتێکی سروشتییە و پەیوەستە بە هەمو ئەو دیاردە سروشتییانەوە، کە لە ژینگەی مرۆڤدا بونیان هەیە. کەواتە دەتوانین بڵێین شێوازی ڕێکخستنی سیستەمی مرۆڤ مێتافۆڕانەیە، چونکە لە کۆمەڵێك دیاردە و بونیادی هەمەجۆری وەك پراکتیکی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستن، ئەفسانە، خەون، ڕەوشت، سیاسەت و ڕیکلامدا بونی هەیە، بەمپێیە مێتافۆڕ شتێك نییە تەنیا پەیوەستی زمان و بیرکردنەوە بێ، بەڵکو لە سیستەمی مرۆڤایەتیشدا بونی هەیە و دەدۆزرێتەوە (Evans, Bergen and Zinken: 2007, 303).

ئیڤانس دەڵێ: ئەگەر لەناو کۆمەڵگادا سەیری چۆنیەتی پێکهاتە و ڕێکخستنی هەر دامەزراوەیەکی سیاسی، بازرگانی، یا پەروەردەیی...هتد بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی پلەبەندی هەیە و لە ڕوی دایاگرامێکەوە نیشان دەدرێت، تێیدا بە لەبەرچاوگرتنی جەستەی مرۆڤ، کە سەر لە بەشی سەرەوەی جەستەیە و کۆنترۆڵی دەکات، سەرۆکی دەستەکان لە

بەرزترین خاڵی دایاگرامەکە دان و کارمەندانی دیکەی دامەزراوەکە لە خاڵە نزمەکان دادەنرێت؛ جا بەپێی گرنگی پلە و ئاستی کارمەندەکان و ڕادەی کاریگەری بڕیارەکانیان بەسەر لای ڕاست و چەپ دابەش دەکرێن، ئەمجۆرە دیاگرامە ڕەنگدانەوەی مێتافۆڕی چەمکی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانن.

### 7.2.1 شاردنەوە و دەرخستن/تیشک خستنە سەر

یەکێ لە بیرۆکە گرنگەکان لە تیۆری مێتافۆڕی چەمکیدا شاردنەوە و تیشک خستنەسەرە. هەر شتێك لە چەندین تایبەتمەندی یا خاڵی جیاواز پێکدێت، بەڵام کاتێک ئامانجێک لە ڕوی سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە پێکدەهێنرێت تەنیا تیشک دەخرێتە سەر هەندێک لایەنی مەبەستداری ئامانجەکە، لە هەمان کاتدا لایەنەکانیتری پشتگوێدەخرێن و دەشاردرێنەوە(Evans, Bergen and Zinken: 2007, 304).

-26 دەریایەکە لە زانیاری.

لەم نمونەیەدا تەنیا تیشك خراوەتە سەر تایبەتمەندی گەورەیی/زۆری یا فراوانی دەریا، هەریەکە لە تایبەتمەندییەکانی تری وەك ترسناکی، بونی شەپۆڵ و زریان، بەرتەسك بونەوەی ڕوبەر... شاردراونەتەوە و پشتگوێخراون.

### 3-1 چەمکی کات

لەبەر ئەوەی کات وەك بونێکی فیزیکی و هەستپێکراو لە دنیای مرۆڤدا بونی نییە، لە هەمان کاتدا نەبونی ئەندامێکی هەستیاری دیاریکراو و پەیوەست بە بەڕێوەبردنی کات، لەگەڵ بەرجەستە نەبون و ناتەبایی لە نێوان کاتی هەستی و فیزیکی، بونەتە هۆکاری ئەوەی هەریەکە لە هۆکارەکانی سەرنجدان، بیرەوەری، وروژاندن و باری سۆزداری، هەمویان وەک دەستکاریکەری بەهێزی کات دابنرێن (افراشي- رئيسي، نعمتزاده، مقدسين: 1399، 20) و لەڕێگەیانەوە بەچەمك بکرێت، چونکە کاتیش وەك هەر بابەتێکیتری ئەبستراکت لەسەر بنەمای ئەزمونی تاك لە کۆمەڵگا و کلتوردا بە مێتافۆڕ کراوە.

یەکەم کەس کە چەمکی کات لە ڕوی دەرونییەوە فراوانتر کرد، (پیاجێت) بو؛ پێیوابو کە چەمکی کات لە تەمەن/مێشکی منداڵدا بونی نییە، بەڵکو لە پرۆسەیەکی وردە وردەدا تاك لە ڕێگەی چەمکەکانی وەک جوڵە و خێرایی، کات بەچەمک دەکات (صحرایی، زهرهوند، زاهدي، صادقی: 1041، 175) هەروەك (لاکۆف و جۆنسن)یش هەمان بۆچونیان پەسەند کردوە و پێیانوایە هەر تێگەیشتنێکمان بۆ چەمکی کات هەبێت، وابەستەی چەمکەکانی تری وەک جوڵە، شوێن، فەزا و ڕێکارەکان دەبێت. هیچ وشەیەک لە بارەی کاتەوە نییە و بەبێ بونی سیستەمی مێتافۆڕی، کات بەچەمک و ئەزمون ناکرێت (لاکۆف و جۆنسن، 1993: 212) وەرگیراوە لە (افراشي- رئيسي، نعمتزاده، مقدسين: 1399، 20).

بەگشتی دەکرێ چەمکی کات بە سێ واتا سنوردار بکرێت، کە بریتین لە (کاتە گشتگیرەکان/ گەردونییەکان: مەبەست لێی کاتەکانی دەرەوەی مرۆڤن و تایبەتمەندییە گەردونییە ئاڵۆزەکانی کات دەگرێتەوە، کە واقیعی زانستین و بێ گەڕانەوە تێدەپەڕێت. یەکێ لە ئەزمونە باو و ئاساییەکانمان جارێکی تر نەدۆزینەوە و نەگەڕانەوەیە بۆ کاتی ڕابردو یا دوێنێ)، کاتە ئاساییەکان (واقیعێکی کۆمەڵایەتییە، لەلایەن مرۆڤەوە داهێنراوە. تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە، کە لە کۆمەڵێک نیشاندەری کاتی پێکهاتوە Benveniste, 1966 وەرگیراوە لە (SHAMS: 2019.)، کاتە تاکەکەسییەکان (تێگەیشتنە لە کات لەڕوانگەی هەر تاکێکەوە، پەیوەندی بە تێڕوانین و هەستی تاکەوە هەیە، ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێن).

## 41 جۆرەکانی کات

### 141 کاتی فیزیکی[3]

کات چەمکێکی جەوهەرییە لە فیزیادا وەک دیاردەیەکی فیزیکی لەپاڵ سێ ڕەهەندە واقعییەکانی (بەرزی، پانی و درێژی) دانراوە، (گرنگی بە تاکە ڕوداو و پرۆسەکان نادات، بەڵکو گرنگی بە ڕێکوپێکی دەدات)(Münster, 2022,3 ). لە ڕێگەی کاتەوە ڕوداوەکان ڕێکدەخرێن و چاودێری چۆنیەتی و ڕادەی پێشکەوتنی پرۆسەکان و وەسفکردنییان دەکرێت.

لە فیزیادا پێناسەی کات دەکرێ بە (کات ئەوەیە کە کاتژمێر نیشانیدەدات)(.Münster, 2022, 3 ) زۆرجار کات بە گۆڕاوێکی سەربەخۆ دادەنرێت، کە بۆ وەسفکردنی جوڵە، پەرەسەندنی تەنەکان، هەڵسوکەوتی تەنۆلکە و سیستەم و ڕوداوەکان بەکاردێت.

کاتی فیزیکی یەکەیەکی بەردەوامی بێکۆتاییە، مرۆڤ بە ئارەزوی خۆی بەشیکردوە بە یەکە جیاوازەکانی وەك کاتژمێر، خولەك، شەو، بەیانی و ئێوارە، دانەڕۆژێك، مانگ و هەفتە، تەمەن... دەپێورێت و ماوەیەکی بێکۆتا گۆڕاوی هەیە، کە هەر تاکێک بەپێی ماوەی ژیانی (تەمەن) بڕێکی لێ بەدەستدێنێت. هەروەها کاتی فیزیکی ئاراستەیەکی یەکلایەنەی هەیە و بەپێی ئەزمونی ئێمە کات تەنها بەرەو پێشەوە دەڕوات، هەرگیز بۆ دواوە ناچێت.

### 2-4-1 کاتی فەلسەفی

جەوهەری کات بونێکی ناجێگیرە، چرکەساتەکان بەبێ وەستان بەدوای یەکتردا دێن و تەنیا دەتوانرێت دەستمان بە ئێستا بگات، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێ ئەزمونی ڕابردوی بکات؛ داهاتوش هێشتا نەهاتوە، بەڵام سنوردارکردنیشیان مەحاڵە، چونکە هەردوکیان پەیوەندییان بە ئێستاوە هەیە و هەریەکەیان لە خاڵێکی دیارینەکراودا بەیەك دەگەن. بەمشێوەیەش بەچەمککردنی کات و گوزارشت لێکردنی ئاسان نییە، چونکە مرۆڤ بەردەوام لە کاتی گونجاودا دەژیت و ئەزمونی دەکات(SHAMS: 20.11.201). بەمپێیەش کاتی فەلسەفی پەیوەستی ئێستایە، واتە کاتی فەلسەفی تەنیا ئێستا دەگرێتەخۆی، ئەمیش ئەو ئێستایەیە کە مرۆڤ لەو ساتەوەختەدا تێیدایە.

(مێرلۆ پۆنتی) فەیلەسوفێکی هاوچەرخی فەڕەنسییە، پێیوایە کات تەنیا کشانی ڕۆحە، چونکە ئێمە تەنیا بە بیر/یادەوەری ڕابردو دەزانین و داهاتوش تەنیا بە هیوا و چاوەڕوانی دێتەدی. کەواتە مەرج نییە کات ڕاستەقینە بێت، ئەوەی ئێمە پێوانەی دەکەین تەنیا دوای ڕۆیشتنی هەستی پێدەکەین، ئەو درککردنەش لەسەر ئاستی خودی مرۆڤ، کە هەمو کات لە ئێستا دایە ڕودەدات، عەقڵیش دەچێتە ڕابردو و داهاتو، بۆیە کات تەنیا لە زەین دایە و گونجاوترین ڕێگایە، کە سروشت دۆزیویەتیەوە بۆ ئەوەی پۆلێنکاری بکات و هەمو شتێک بە یەکجار و تێکەڵاو نەبێت (SHAMS: 20.11.2019).

### 4-4-1 کاتی ڕێزمانی

کاتی ڕێزمانی بە پێچەوانەی کاتی فەلسەفی و فیزیکی یەکێکە لەو کەرەستە سەرەکییانەی، کە بونێکی سەرەکی هەیە و لە زماندا نکوڵی لە بونی ناکرێت. هەمیشە لە گفتوگۆکاندا لە ڕێگەی مۆرفیمەکان و پۆلە ڕێزمانی و چەمکییەکاندا وەسفی سەردەم، ڕوداو و کاتە جیاوازەکان دەکرێت بە پشت بەستن بە کاتی دیاریکراو/واقیعی و کاتە ڕێزمانییەکە/کاری ڕستە، کە زۆر کات هاوتانین.

کاتی ڕێزمانی فۆڕمێك یا پۆلێنێکی وشەییە لەگەڵ بونی بەهای کات تیایدا، کاتە ڕێزمانییەکان ئاماژەن و بەهای ئاماژەپێکراویان ناڕاستەوخۆیە، چونکە کات دەتوانێت چەند بەهایەکی هەبێت (SHAMS: 20.11.2019). دەکرێ

بەپێی کۆنتێکستەکە و بە لەبەرچاوگرتنی مۆرفیمە ڕێزمانییە تایبەتمەندەکانی کاتی زمانی دیاریکراودا، کارەکە لە ڕابردو یان داهاتودا دابنرێت.

27- کە من چوم ئەو دەڕۆیشت. ڕابردو
28- بەیەکەوەین. ئێستا
29- بەدەست هێنانی ئەو پۆستە زۆر دڵخۆشم دەکات. داهاتو

شێوازی ئاماژەکردن بە کات لە زماندا جیاوازە و دەتوانرێت ڕێگەی جیاواز بەکاربهێنرێت. بۆ نمونە دەتوانرێت ئاماژە بە کاتی زمانی بکەین لە ڕێگەی نیشانکارە کاتییەکانەوە[4] -deixis، چونکە کاتی ڕێزمانی لە ساتی گۆکردندا بە شێوەیەکی فەرمی بە ئاماژە کاتییەکانی "ئێستا" دەنوێنرێت وبە هۆیانەوە قسەکەر و وەرگر لە گفتوگۆکاندا بە پێی لەپێشینەیی و گرنگی بابەتەکان ڕوداوەکان ڕێکدەخەن. ئێستا کە ساتی ئاماژەکردنە هەمیشە دەستنیشانی ساتێکی نوێ دەکات و لە جوڵەی هەمیشەییدایە. دەکرێت ئەو (ئێستا)یە بۆ هەر کاتێك بەکاربێت، کە ئاخێوەر تێیدایە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسە دەکات.

دەتوانین سەیری کات بکەین وەك زنجیرەی سەردەم، کە وەك کۆمەڵێك خاڵ لەسەر هێڵی پێشکەوتنی کات یەك لە دوای یەک دێنە پێشەوە، لە هەردو جەمسەری ئێستای ڕاستەقینەدا، کە ساتی قسەکردن دەگرێتەوە ڕابردو و داهاتو هەیە و سیستەمی سەرەتایی دابەشبونی کاتی بەدەست دێنێت، هەروەها دەتوانین سەرچاوەی کات بگوازینەوە بۆ ڕابردو یان داهاتو و دواتر وەك پێوەرێک ڕوداوەکانی پێ دەدۆزینەوە. ئەمە سیستەمی لاوەکی دابەشکردن و پەیوەندییە کاتییەکان پێکدەهێنێت، کە لەلایەن کارەوە دەربڕدراون(SHAMS: 2019). لێرەدا هەندێك لەو نیشانە زمانیانەی کات لەخۆدەگرن لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕو:

1– نیشانە وشەییەکان/ وشە تایبەتەکانی پەیوەست بە کات (نیشانکاری کاتی) دەگرێتەوە: ئەمرۆ، پار...
2– ڕێزمانی (کار)/ کات لە هەمو کردارەکان لە بنچینەیەکی کرداری سادە و مۆڕفیم یان وشەکانی تایبەت بە کاتەوە دروست دەبێت.
3– فۆنەتیکی(ئینتۆناسیۆن) درێژکردنەوەی بزوێنێك بە واتای ماوەیەکی درێژ یا درێژەکێشانی پرۆسەیەك.

30- لەمێێێێژە ڕویداوە.

4– ڕستەسازی/ دەمی ڕستە

31- بو، دە..

5– دەرەوەی زمانەوانی(جەستەیی): وەك جوڵە جەستەیەکانی ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتن.

لە هەمو ئەمانەدا تەنیا دەربڕینی وشەیی و ڕێزمانییەکان لەگەڵ ئامرازی زمانەوانیی کات، کە ئاماژەن بە دوبارەکردنەوە لە فەرهەنگدان (Allwood, 2003, 33).

32- برۆ برۆ برۆ/ بۆ دەربڕینی پرۆسەکە بە تێپەڕبونی کات درێژدەبێتەوە.

جگە لەمانەش زۆر کات بە جوڵەی جەستەش (جوڵەی خێرا بۆ نیشاندانی ئەوەی نیشان بدات کە شتێک بە خێرایی ڕودەدات) ئاماژە بە کات دەکرێت.

کەواتە دەکرێ بڵێین کاتی ڕێزمانی بریتییە لە کاتی ئەو دیاردانەی، کە لە ڕێی زمان و مۆرفیمە ڕێزمانییەکانەوە دەنوێنرێن و بە زارەکی دەخرێنەڕو.

## 2. ئەزمونی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا

### 1.2 پەیوەندی نێوان کات، ئەزمون و ئیدراکی مرۆڤ لە زمانی کوردیدا

فیزیا وەك زانستێکی ئەپستراکت بایەخ بە کات دەدات، وەك یەکەیەك ئاماژە بە کاتی فیزیکی دەدرێت. کاتی فیزیکی دیاریکراو و بابەتییە، بۆ هەمو کەسێک وەک یەکە، پەیوەست نییە بە دیدگا و ئەزمونی تاکەکەسییەوە، بەڵام زۆر جار لەو کاتە دیاریکراوەی مرۆڤی تێدایە، دەبینین فراوانبون و تەسکبونی کات ڕودەدات، کە دەکرێت بە جۆرێکی تری کات جیابکرێتەوە.

جێگای تێڕامانە، کە لە ئاماژەدان بە ماوەی کات، هەندێ جار لەبری ئەوەی مرۆڤ وابەستەی سروشتی ڕوداوە دەرەکییەکان بێت لە ئەزمونکردنی ماوەی کارکردندا؛ ئاخاوتنەکان وابەستەی ئەوە دەبن، کە مرۆڤەکان لە ناخەوە چۆن گرنگی بەو شتانە دەدەن و بیریان لێدەکەنەوە. واتە چۆنیەتی کارلێککردنی تاکە لەگەڵ ڕوداوێکی دیاریکراودا، نەک تایبەتمەندییەکی کاتی-بابەتی، کە پەیوەندی بە ڕوداوەکەوە هەیە و ئەزمونی ماوەی کارکردنی لێدەکەوێتەوە.

کەواتە مرۆڤ ئەوکاتە دەپێوێ، کە لەگەڵ ناخ و هەستەکانی یا چۆنیەتی بیرکردنەوەی لەبارەی ڕوداوەکانی ئەو ساتەدایە و پێیدا تێپەڕیوە. ئەوکاتەش پەیوەستە بە خودی مرۆڤ و بە کاتژمێر ناپێورێت.

### 1.1.2 کات پەیوەستی ئیدراکی مرۆڤە:

بەپێی بۆچونی (ئیڤانس) پرۆسەکانی هەستکردن پشت بە مەودای کاتی دەبەستن و پێیان دەوترێت ساتەکانی هەستکردن. لێرەدا پێوانەکردنی کات و میکانیزمی کاتدانان پەیوەندارە بە پرۆسەی ئیدراکی مرۆڤەوە، واتە ئەوە دەزگا ئیدراکییەکانی مێشکی مرۆڤە، کە بڕیار لە سەر ماوەی کات دەدات، دەرئەنجامی ئەو پرۆسە ئیدراکیانەش لە ئەزمونە جیاوازەکان دەردەکەوێ، بەوەی کات دیاردەیەکی دیاریکراو و وەك یەك نییە (Evans and Green: 2006, 75-78)، چونکە بەپێی ڕیتمی ناوەوەی ژیانی مرۆڤ هەستی تێپەڕاندنی کاتمان هەیە، واتە کات بە شێوەیەکی بابەتیی لەلایەن تاکەکانەوە ئەزمون دەکرێت و مرۆڤەکان بە شێوەیەکی جیاواز بە پشتبەستن بە هۆکارە جیاوازەکانی وەک تەمەن، کولتور، هەست و جۆری چالاکییەکان هەستی پێ دەکەن.

بۆ نمونە: لە چوارچێوەیەکی کاتی دیاریکراوی هەمان ژینگە و باردا، (أ /کەسێکی ئاسایی و ب/ پێگەییشتوێکی شیکەرەوەی سیاسی یان ئابوری ) گفتوگۆ دەکەن:

33- أ/ ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆش بو.

34- ب/ ئەوە بەڕاستە! ئەمڕۆ خراپترین ڕۆژی ژیانم بو.

دەبینین دو بۆچون و هەستی پێچەوانە لە لایەن دو کەس لە هەمان ژینگە و بارودۆخی ژینگەیی/شوێنی خراوەتەڕو، کە تەواو پێچەوانەی یەکترن. هۆکارەکەی پەیوەست بونی هەمان کاتە بە دو هەست و ئیدراکی تاکی جیاواز، هەریەکەیان بەپێی ئیدراکی خۆی بۆ دەوروبەر و بارودۆخەکان بە جیاواز ئاماژە بە هەمان کات دەکەن.

### 2.1.2 کات پەیوەستە بە دەرون:

لە نێوان کاتە فیزیکیەکان و پەیوەندییە دەرونییەکانەوە کاتێکی درێژخایەن بونی هەیە، کە کاتی ڕوداوەکانە. ماوەی کاتی ژیانی مرۆڤ زنجیرەیەک ڕوداو لەخۆدەگرێت، ئەمیش ئەو بەردەوامییەیە،کە تێیدا ڕوداوەکان و ڕیزبەندی ڕوداوەکان دەخرێنە ناوەوە و دەتوانرێت لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا یان لە ئێستاوە بۆ ڕابردو تێبپەڕێنرێت. ڕوداوەکان کات نین، بەڵکو خود و چۆنیەتی ڕوداوەکانن لەکاتی دیاریکراودا (SHAMS: 2019)، بەمپێیە ئەگەر لە ڕێی ئەزمونەوە سەیری کات

بکرێت، ئەوا لەگەڵ جۆرەکانی کات جیاواز دەردەکەوێت. مرۆڤ لە ژیاندا لەبارەی کات ڕوبەڕوی زۆرترین ئاڵۆزییەکان دەبێتەوە، زۆینەی ئەم ئاڵۆزیانەش پەیوەستن بەو بنەمایەی، کە تاك لە ڕوی دەرونییەوە چۆن هەست بە ماوەیەك دەکات، نەك ماوەی ڕاستەقینە چەندە.

35- ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە بە لامەوە، چونکە دوا دانیشتنی دادگام بو.

36- ئەمڕۆ بەهۆی ئەو ئازارەمەوە ناخۆشترین کاتم تێپەڕاند.

37- ڕۆژی پاک بۆ تەمەڵ شەوەزەنگە.

شتێکی زانراوە، کە کات هەروەك خۆیەتی و درێژ و کورت یان خۆش و ناخۆش نابێت، بەڵام هەندێ جار ئێمەی مرۆڤ ئەو هەستەمان لا دروست دەبێت، کە ڕۆژێك یان سعاتێك درێژتر، خۆشتر یان کورتتر... دەردەکەوێت لە ئاستی ئاسایی خۆی، ئەمەش پەیوەستە بەو بارە دەرونییەی، کە تاك لەو ماوە دیاریکراوەدا هەیەتی، هەروەك لە نمونەی (39) دا بەهۆی بونی دەستکەوتێك و کۆتا هاتنی ماوەی دادگاییکردن، کە بە ویست و ئارەزوی ئاخێوەر بوە ئەو ڕۆژە دیاریکراوە لای ئاخێوەر خۆشتر دەرکەوتوە لە جاران، وە لە (40) یش بە پێچەوانەوەیە ڕۆژ/کات ناخۆش بوە بە هۆی خراپی دۆخی ئاخێوەر، هەروەها (41) ئاماژە بە گۆڕانی کات لە ڕۆژ/ڕوناکییەوە بۆ شەو/تاریکی دەکات بەهۆی خودی دەرون و دۆخی تاك/کەسی تەمبەڵ، ئەگەرنا هیچ کات ئەگەر گەردون ئاسایی بێت تەنیا ڕۆژی تاکێك نابێتە شەو.

## 3.1.2 کات پەیوەستە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

مرۆڤەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بە پێی ئاسودەیی ناخیان لەگەڵ تاکەکاندا، کات بەسەر دەبەن و هەوڵی بونی پەیوەندی جەوهەریی دەدەن. لەم چوارچێوەشدا نایەکسانییەک لە پەیوەندیی تاکەکان لەگەڵ کاتدا هەیە و ململانێیەکی جیاواز لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا دروست دەبێت. خولەکێک بۆ کەسێک دەتوانێت هاوتای چەند کاتژمێرێك بێت کاتێك لە پەیوەندییەکی ناتەندروست و نائاسودە دایە، لە هەندێ پەیوەندی تر و لەگەڵ کەسێکی تردا بەقەد چاوتروکانێکە... دەکرێ بگوترێت ئەم جۆرە پەیوەندییە نزیکە لە تێچوی نرخی کات، چونکە لێرەدایە کە دەگوترێت (کات پارەیە)، کەواتە ئەوە ئێمەین بە گۆڕانی پەیوەندییەکان کاتەکان بەهادار و بێ بەها دەکەین... چۆنیەتی تێپەڕینی کاتەکانمان، ئیدارەی مێشک و جەستەمان، پەیوەندییەکانمان بە تەواوی کۆمەڵگاکەمانەوە ئەزمونمان کردوە.

38- بەنرخترین ساتەکانم لەگەڵ تۆ بون.

39- ئەو ڕۆژانەم بەفیڕۆ چون، کە لە پێکەوەبونمان خەسارم کرد.

لە (42) کات و ساتەکان وەك کەرەستەیەکی بەهادار دەنرخێنرێن، چونکە ئاخێوەر لەگەڵ کەسی دڵخوازی خۆی بوە، بەڵام (43) بە پێچەوانەوەیە، کات وەك کاڵا و سامانێك لەدەست چوە بەهۆی بونی ئاخێوەر لەگەڵ کەسێك، کە دڵی نایخوازێت. کەواتە بونی بارودۆخ و پەیوەندییەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی کاتی تاکێك دەگۆڕێت، لە کەرەستەیەکی بەنرخ و بەهادارەوە بۆ شتێکی بێبەها، یان بە پێچەوانەوە، چونکە تا پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکات بەهێزتر بێت ئەو کاتەی، کە بۆیان تەرخان دەکەیت بەشێوەیەکی بەنرختر دەبینرێت، لەکاتێکدا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لاوازەکان، تاك هەست بە بەفیڕۆچون/بەهەدەرچونی کاتەکەی دەکات، کە بە هەرهۆکارێك لەگەڵ ئەو کەسە بەسەریبردوە.

## 4.1.2 ماوەی کات لە گۆڕان دایە:

هەمو مرۆڤەکان لە ئاخاوتنەکانیاندا ماوەی کات لەبەرچاو دەگرن، کە بە پێی هەستی تاك و جۆری ئەزمونیان ئەو ماوەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. هەندێجار هەست دەکرێت کاتەکان زیاتر لە کاتی ئاسایی/فیزیکی خۆی درێژە دەکێشێ، کە تیایدا کاتەکە کەم یا هێواش دەبێ، هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە کات خێراتر دەڕوات و بە پاڵەپەستۆی کاتی

temporal compression ناودەبرێ (Evans: 2007, 211). ئەم گۆڕانی ڕێژەی کات-ماوەیەش پەیوەستە بەو هەستە دیاریکراو و دەرونییەی، کە ئێمە لەو ماوە دیاریکراوەدا هەمانە، وەك لایەنەکانی ئازار و هەست و سۆزەکان، توندوتیژی و مەترسی، چاوەڕوانی و بێزاری، خۆشحاڵی و بەختەوەری، تەرکیزکردن و شۆک و دەست بەتاڵی...

## تێنەپەرینی کات:

40- نامەوێ بچمە لای، ڕۆژ لەگەڵ ئەو ناڕوات.

41- ئەمڕۆم بە ساڵێك هەبو.

42- ئەم سعاتە هەر نەڕۆیشت.

درێژ بونی کات:

43- ئەمڕۆ هەر نەبڕا، دەڵێی گوریس بو.

44- ڕۆژ بو بە ساڵ ساڵ بو بە جەواڵ

45- لێرە سعاتێك و ساڵێکم وەك یەکە.

ئەگەر لە بابەتەکە وردبینەوە دەبینین ئەو ساتانەی (کات) خێراتر لە ئاستی ئاسایی خۆی دەڕوات، زۆربەی جار پەیوەندی بە ئەزمونی ڕەفتار یا ڕۆتینەکانی تاکەکانەوە هەیە، کە بێ ماندوبون ئەنجامیان دەدەن بێ ئەوەی گرنگییەکی زۆر بەو ئەرکەی بەردەستیان بدەن، یا لە بەسەربردنی کاتە خۆشەکان و بونیان لە شوێنە سەرنجڕاکێشەکان یا لە دانیشتن لەگەڵ ئازیزانە.

## کورت بونی کات:

46- ڕێ هێندە کورت بو بە دو قسە ڕانەگەیشتین.

47- لە پیران تەوێ لە زستانان شەوێ.

48- نەمزانی کات ئاوا زو بۆ کوێ ڕۆیشت؟

زیاتر لەو کاتانە هەست بە کورتبونی کات دەکرێت، کە تاك هەست بە خۆشی و ئاسودەیی دەکات، یان تاك کارێکی لەبەردەستە و بە سەرنجەوە کاری لەسەر دەکات...

## فڕینی کات:

49- ئەوەندە دڵخۆشم وا دەزانم تازە لەدایك بوم/ تازە تۆم ناسیوە.

50- هەستم بە تێپەڕین/ڕۆیشتنی کات نەکرد.

زۆر جار ڕوداوەکان کات دیاریدەکەن، واتە کات پەیوەندار دەبێ بە چەمکی ڕوداوێکەوە. (ئیڤانس) پێیوایە، کە ڕوداوەکان و پرۆسە کاتییەکان لە ئیدراکەوە سەرچاوە دەگرن و تیایدا ڕوداوێکی دیاریکراو بە چوارچێوەیەکی کاتی-زەمەنی دیاریکراو دەبەستێتەوە (Evans and Green: 2006, 79-83) زۆر جار لە کۆمەڵگای کوردی و جیهانییشدا کاتێکی دیاریکراو بە ڕوداوێکی دیاری سەدەیەك دەبەسترێتەوە و بەهۆیەوە کاتەکە دەناسرێتەوە.

## بەندبونی کات بە ڕوداوی دەستنیشانکراو:

51- ساڵی لافاوەکە بیرناچێتەوە.

52- ساڵی بەفری سور لەدایك بو.

53- یانزەی سێپتێمبەر ڕۆژێکی ڕەش بو.

54- کە دەستی نا بە دوگمە ئەتۆمییەکە، لایەکی دنیای وێرانکرد.
55- بە یەکەم سەرەقەڵەم ڕۆژی مەرگی خۆی نوسیەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا لە ئەزمونی کاتیدا زۆر جار ساتێکی دیاریکراو دەبێتە سەرەتای ڕوداوێك و کات نیشان دەدات، دەتوانرێت لە کاتێکی دیاریکراودا هەڵسەنگاندن بکرێت و بڕیار بدرێت بێ ئاماژەکردن بە پێوەرە کاتییەکانی وەك سعات و خولەك و چرکە بە پشت بەستن بە چەند دەستەواژەیەك.

## بەندبونی کات بە ساتێکی دیاریکراو:

56- کاتی بڕیارە چارەنوسسازەکە هات.
57- ئێستا کاتی چونەژورەوەیە.
58- بەیانی ڕۆژی تۆڵەسەندنەوەیە.
59- ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە.

ئەم کاتەی لەم نمونانە دەردەکەوێ پەیوەستە بە ساتی ئاخاوتنەکە، چونکە لێرەدا کاتەکە دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو هەریەکە لە وشەکانی (نیشانکارە کاتییەکان) ئێستا، ئەمڕۆ، دوێنێ... ئەو ساتە دەنوێنێ، کە تیایدا قسە دەکرێ.

## بەندبونی کات بە ئایین و کلتوری ناوخۆیی و جیهانی:

60- جەژن، نەورۆز.
61- سبەی کریسمسە.
62- بەربانگ نزیکە.
63- نانی پارشێومان خوارد.
64- جەژنی کرێکاران بۆ کرێکار جەژن نییە.

هەندێ لە وشەکانی زمانی کوردی پەیوەستی کلتور و ئایینن، بە هۆیانەوە گوزارشت لەو چەمکانە دەکرێت، کە وەك چەمکی نەتەوەیی یا جیهانی و کلتوریین و لە سیستەمی هزری مرۆڤدان. بۆ نمونە ئەو کۆمەڵە دەستەواژانەی سەرەوە (نەورۆز، جەژن، بەربانگ، پارشێو )پەیوەستی کلتوری نەتەوەیی و ئاینین، هەروەها جەژنی (کرێکاران و کریسمس) زیاتر جیهانین و دەکرێ وەك ڕوداوێکی کاتی دیاریکراو دایانبنێین، چونکە ئەزمونکراوە و بەردەوام لە کاتیکی دیاریکراودا ڕودەدەن (Evans and Green: 2006 ،83-79).

## 2.2 مۆدێلە مەعریفییەکانی کات لە زمانی کوردیدا

کات لە قاڵبی مێتافۆڕی مەعریفیدا بە شێوەی جیاواز دەردەکەوێت، زۆربەی جار بریتییە لە بونێکی جوڵاو لە بۆشاییدا، مەبەستمان تێپەڕبونی کاتی تاکەکانە لە ماوەی ژیانیاندا.

پرۆسەی جوڵەی کات پرۆسەیەکی مەعریفییە، لە زمان و ئاخاوتنی ئاسایی کوردیدا هاوشێوەی زمانە جیهانییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بونی هەیە. زۆرینەی ئەو مێتافۆڕانەی بەکاردەهێنرێن تیایاندا کات لە شێوەی تەن یا بونەوەری زیندو... دەردەکەوێت و توانای جوڵە و گواستنەوەی لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر هەیە، ئەم دیاردەیەش پشت بەو نەخشە وێنەییە(schema) جیاوازانە دەبەستێ، کە لە بنیاتنانی چەمکی کاتدا لە چوارچێوەی سیمانتیکی مەعریفی و لە ئەنجامی ئەزمونی فیزیکیدا وەك بنەمای مێتافۆڕی دروست دەبن و کات وەك یەکەیەکی ئەبستراکت/بواری ئامانج دەردەکەوێ، هەروەها هەریەکە لە شوێن و شت و تەن یا بونەوەر و تایبەتمەندییەکانی تر وەك سەرچاوەیەکی کۆنکریتی دەبن.

لە پاڵ ئەمانە و لە زۆر دەربڕیندا بۆ وێناکردنێکی سروشتی و کۆنکریتی بۆ چەمکی کات پشت بەو کارە جیاوازانە بەستراوە، کە لە بونیادیاندا تێبینی جوڵە دەکرێت، وەك (هاتن، چون، ڕۆیشتن، فڕین، گەیشتن، نزیك بونەوە، دورکەوتنەوە، تێپەڕین لەگەڵ ئاراستە جیاوازەکانی سەرەوە، خوارەوە.....) بەم شێوەیە دەبینین لە زمانی کوردیدا کات بە شێوەی جیاواز وێنا دەکرێت.

بە بۆچونی (لاکۆف و جۆنسن) سێ مۆدێلێکی جیاوازی مەعریفی بۆ کات هەن (دوانیان لەسەر بنەمای خود-ئیگۆن، بەڵام سێیەمیان جیاوازتر دەردەکەوێت) دەتوانین پشتیان پێ ببەستین، چونکە لە مۆدێلە مەعریفییەکانی کات چەمکە فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ شێوازەکانی وێنە ئاساییەکاندا یەکدەخرێن، بەمەش مۆدێلە مەعریفییەکان بە پێکهاتەی زانیاری-زانینی فراوانتر خۆیان دەنوێنن لەچاو چەمکە فەرهەنگییە ئاسایی/تایبەتیەکان.

## 1.2.2 مۆدێلی کاتی جوڵاو و چاودێر/ئیگۆی وەستاو لە زمانی کوردیدا

لەم مۆدێلەدا ئەزمونکار یا چاودێرێکی جێگیر هەیە پێی دەوترێ ئیگۆ/من. لە ڕوی ڕێزمانییەوە بە فۆرمی من ئاماژەی پێ دەکرێ و شوێنەکەی ئەزمونی ئێستا نیشان دەدات، تیایدا سات و ڕوداوە کاتییەکان شێوەیەکی جوڵاو وەردەگرن و لە داهاتووەوە بەرەو ئاراستەی من/ئیگۆ دێن و دواتریش بۆ ڕابردو دەچن(Evans: 2007, 84). لە زمانی کوردیا دەتوانرێت بەهۆی ئەم جوڵەیەوە بە ڕونی هەست بە تێپەربونی کات بکرێت:

65- وا نەورۆز نزیك دەبێتەوە.

66- وادەی دیاریکراو تێپەڕی.


67- خەریکە بەربانگ دێ.

68- ڕۆژان ڕۆژیان لە دوایە.


69- ساڵێکی تریش لە عومرمان ڕۆیشت.

70- عومری گەیشتە شەستە موروان ئەکاتە دەستە.

لە هەر یەکە لەم نمونانەی سەرەوە جوڵەی کات بەشێوەیەکی ڕون دیارە لەکاتێکدا ئیگۆ وەستاوە و بەشێوەیەکی جێگیر ڕوداوە کاتییە جیاوازەکانی بەسەردا تێدەپەڕن. ئەوەی گرنگە ئاراستەی کاتەکەیە، کە لە داهاتوە وە بۆ ئێستا و بەرەو ڕوی ئیگۆ دێن، یان لە ئیگۆوە بۆ ڕابردو دەڕۆن، بە پێچەوانەی هەندێ زمانی تر کە ڕابردو بەرەو من دێت.




(Evans: 2007, 85 ) لەم شێوەیەی سەرەوەدا بازنەکان کات نیشان دەدەن و خاڵەکانیش کاتەکان بەیەك دەگەین.




## 2.2.2 مۆدێلی ئیگۆ-منی جوڵاو و کاتی وەستاو

بە پێچەوانەی مۆدێلی یەکەم لەم مۆدێلەدا کات شوێن/ وێستگەیەکە و ئیگۆ/من دەجوڵێ. تیایدا کات وەك (شوێن) ێك بە چەمك کراوە، کە جێگیر و چەسپاوە، بەڵام من/ئەزمونکار لە جوڵەدایە بە ئاراستەی کاتە جیاوازەکان دەڕوات، لەهەمان کاتیشدا کات وەك شوێنی جێگیر لە بۆشاییدا ئاماژەی بۆ کراوە (Evans: 2007, 85 ).

71- لە جەژن نزیك دەبینەوە.

72- سوپاس بۆ خوا کاتە ناخۆشەکەمان تێپەڕاند.

73- ئەمساڵیش گەیشتینە بەهار.

74- پاش ماندوبونێکی زۆر، دوا جار بە پشوی نەورۆز ڕاگەیشتین.

لەم نمونانەی سەرەوەدا جوڵەی ئیگۆ بە شێوەیەکی ڕون ئاماژەی پێکراوە، لە کاتێکدا کات (جەژن،کاتی ناخۆش، بەهار و نەورۆز) شوێنێکی جێگیر/فەزایەکی وەستاون و وەك دەروازەیەك یا شوێنێك وایە، کە ئیگۆ بە ویستی خۆی پێیاندا تێپەڕ دەبێت.

(Evans: 2007, 86 ). لەم شێوەیەی سەرەوەدا، بازنە بچوکەکانی سەر دیمەنەکە نوێنەرایەتی (کاتەکان)ی داهاتو دەکەن، کە ئیگۆ بۆیان دەڕوات، هەروەها ئەو (کاتانەی)، کە پێشتر ئیگۆ/من لێی ڕۆیشتوە ئێستا بونەتە ڕابردو و کەوتونەتە پشتی ئیگۆ وە. جوڵەی ئیگۆ بە ئاراستەی تیرەکە نیشان دەدرێت.

## مۆدێلی زنجیرەی کاتی

سێیەم مۆدێلی مەعریفی تایبەت بە کاتە. تیایدا ڕوداوەکان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بە بەکارهێنانی زاراوەی وەك زوتر و دواتر یان پێش/پێشتر، پاش/دوا/پاشان ئاماژەی پێدەکرێت. ئەم مۆدێلە چوارچێوەیەکی ئاماژەی کاتییە خزمەت بە هەڵکەوتە (شوێن)ی ڕوداوەکان دەکات، بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ ڕوداوە کاتیەکانی تر و بەراوردکرنیان بە یەکتری، تیایدا جیاوازی نێوان ڕوداوەکانی پێشو و دواتر دەردەکەوێ (Evans: 2007, 211).

لەم مۆدێلەدا ئیگۆ هیچ ڕۆڵێکی نییە، بەڵکو تەنیا بەراوردکردنی ئەو ڕوداوانەیە، کە درەنگتر یان زوتر، پێشتر یا دواتر ڕویانداوە، واتە هەمویان لە ڕابردو یان داهاتو دان یان هەردوکیانن. واتە کاتێک تاك زمان سەبارەت بە زنجیرە کاتییەکان پرۆسێس دەکات، ئەوا نەخشە وێنەییە فەزاییەکانی پێشەوە-دواوە چالاک دەکەن لە هەندێک چوارچێوەدا (Dancygier: 2017, 627) و وەسفی زنجیرە فەزایی و کاتیەکان دەکەن لەگەڵ دو چوارچێوەی ئاماژەی ئەگەری دور لە ڕۆڵی ئیگۆ.

75- لەدوای وتاری بەڕێوەبەر، ئاهەنگەکە دەست پێدەکات.

76- بەهار لە پێش هاوین دێت.


77- -لە دوای تاقیکردنەوەکان ڕەمەزانە.

78- جەژنی جاران خۆشتر بو لە ئێستا.

79- دوای نانخواردن دەست بە خوێندنەکەت بکە.

80- ئەمڕۆ زوتر تێپەڕی. (لەدوێنی)

ئەگەر لەم دەربڕینانە ورد بینەوە دەبینین، کە (کاتی وتار دان، بەهار، جەژن...) ئاماژەن بۆ کاتێکی دیاریکراو و هەریەکەیان کەوتونەتە پێش ڕوداوی دواتریان، کەواتە (کاتی وتاردان، بەهار...) لە پەیوەندی لەگەڵ (کاتی ئاهەنگ، هاوین...) دا نزیکترە نەک لە ئیگۆ.




(Evans, 2007, 86). لەم وێنەیەدا تیرەکە ئاماژەیە بۆ ئاراستەی ڕوداوەکانی پێشتر، کە ڕویانداوە و بۆ دواتر ڕۆیشتوە، بازنەکانیش ئاماژەن بۆ ساتە جیاوازەکانی ئەو ماوەیە. واتە دەکرێ هیچیان (کات و ئیگۆ) لە جوڵەدا نەبن، چونکە هەندێ کات سیستەمی فەزای زمانەوانی بە شێوەیەکی گشتگیر دەردەکەون و لە ڕوی پەیوەندییەکانی زەوی-ڕوی زەوی/سنتر مامەڵە لەگەڵ دیمەنە شوێن/کاتییەکاندا دەکەن. واتە کات/یەکە جێگیرەکە یان جوڵاوەکە وێنەیەکە بە بەراورد بە کاتێکی تر/زەوییەکی جێگیر یان خاڵێکی ئاماژەیە.

81- ئەمساڵ ڕەمەزان لە دوای نەورۆز دێت.

82- سەرەتا و بەر لە پێدانی چارەسەر دەبێ پشکنین بکەیت.

لەم نمونانەی سەرەوەدا جگە لە بونی ئیگۆیەکی وەستاو(کە لێرەدا تیشك لەسەر ڕۆڵی ئەو نییە)، هەر یەکە لە کاتەکان دەروازە/سەری کاتێکی ترە و بە دوایەوە دێت.

هەروەها بە وردبونەوە لە هەندێ دەربڕین، کە ڕوداوی کاتی لەخۆ دەگرن لە زمانی کوردیدا، دەکرێ مۆدێلەکانی بنەمای ئیگۆ لە مۆدێلەکانی بنەمای کات جیابکەینەوە، ئەویش بە تیشك خستنە سەر جۆر یا شێوازی دەربڕینەکان:

83- جەژنی پێشو هەر جەژن نەبو، جەهەنەمێك بو بۆخۆی.

84- ڕەمەزانێکی تر ڕۆژ درێژتر دەبن.

هەریەکە لە نمونەکانی (جەژنی پێشو و ڕەمەزانێکی تر) بەراوردی کاتن بە کاتێکی دی بێ ئاماژەکردن پێی و بێ بونی ئیگۆ، واتە پەیوەندی بە مۆدێلی زنجیرە/ڕێککەوتنی کاتییەوە هەیە، کاتەکان بەراورد بە کاتێکی تر/جەژنێکی تر، ڕەمەزانێکی تر بەچەمك کراون.

لە پاڵ جوڵە و تێڕوانینەکانی پشتبەستو بە مۆدێلە جیاوازەکانی مەعریفی بۆ کات، کە (لاکۆف) جیای کردونەتەوە، دەکرێ هەندێ جار نەخشەکێشان و هەردو جوڵەکان (ئیگۆ-کات) لە چوارچێوەی دەربڕینێکدا بدۆزینەوە.

85- هێشتا ڕەمەزان دورە.

86- ڕەمەزان نزیکە/خەریکە پێی دەگەین/ خەریکە دەگات.

لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە چوارچێوەی ئیگۆی جوڵاو بکەین بەوەی، کە لەڕێگەی نەخشەی وێنەییەوە وا وێنا بکەین، کە (ئیگۆ) بەسەر دیمەنی کاتیدا دەڕوات و بەرەو ڕەمەزان دەجوڵێ، بەڵام هێشتا دورە؛ یان دەتوانین ئاماژە بە نەخشەکێشانی جوڵەی (کات) بکەین، کە لە جوڵەدایە و لە شوێنی دوری ئێستایەوە بە ئاراستەی ئیگۆ.

کەواتە ئەگەر سەرنج بدەین زنجیرەیی کاتیی ڕێڕەوێکی هێڵی شوێنییە و ماوەی کاتی نێوان ڕوداوەکان ماوەیەکی مادییە لە نێوان شوێنەکاندا، بەڵام دەتوانین نەخشەیەکی بنەڕەتی جیاوازتریش ببینین بەوەی لە مێتافۆڕی ئیگۆی جولاو کات وەك شوێن دەبینرێت، وە ئەزمونکردنی کات بریتییە لە دانانی لە شوێنێکداو ئیگۆ کاتە جیاوازەکان ئەزمون دەکات، کەچی لە جولانی کاتدا بە پێچەوانەوەیە (Dancygier: 2017, 627)

## ئەنجام

1- چەمکی کات لەپاڵ ئەوەی لە زمان و کلتوری کوردیدا بەرز نرخێندراوە، بە شێوەیەکی فراوان وەك چەمکێکی مێتافۆڕیی بواری سیمانتیکی مەعریفی، لە دەربڕاوە زمانییەکانی زمانی کوردیدا ڕۆڵی بینیوە.

2- لە زمانی کوردیدا ناتوانین هەست بە کات بکەین یان دەستنیشانی بکەین، ئەگەر پشت بە میکانیزمی جوڵە و ڕوداوی دیاریکراو نەبەستین.

3- مۆدێلە مەعریفییەکانی (کات)ی لاکۆف و جۆنسن زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی و ڕێکوپێك لەگەڵ دەربڕاوەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێ. زۆر جار کات بە ئاراستەی تاك یان بە پێچەوانەکەی دەجوڵێ و ئیگۆ/من جێگیرە، هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە ئیگۆ/من دەجوڵێ بە ئاراستەی کات و کات وەك شوێنێکی جێگیر دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەمانەشدا کات دەبێت بە زنجیرە و لەگەڵ یەکتردا بەراورد دەکرێن.

4- بەپێی ئەزمون، باری دەرونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ، زۆر جار ئەو کاتەی تاکی کورد پێیدا تێپەڕ دەبێ لە ئاستی دیاریکراوی خۆی درێژتر یان کورتتر، خێراتر یان هێواشتر دەردەکەوێ و لە زمانی کوردیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

افراش، آزیتا –رئیسی، فاطمه – نعمتزاده، شهین –مقدسین، مریم (1399)، *استعاره های مفهومی زمان در زبان فارسی: رویکردی شناختی-پیکرهای*، مجلة مطالعات زبان ها و گویش های غرب ایران: بهار 1399 - شماره 28 (ب)ISC/الصفحات: 15 -30

باپیر، دلاوەر شوکری- خالید، فاروق عزیز(2023)، مێتافۆڕی چەمکی شادی لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، گۆڤاری توێژەر/ بەرگی ٦/ ژمارە ١/.

تۆفیق، قیس کاکل (2002)، پەیوەندییەکانی ناو دەق، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

جەواد، هۆشەنگ فاروق (2022)، مێتۆنیمی چەمکی:دەرکەوتن و بەرجەستەبونی لە کەرەستەی زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 52.

حاتم ولیا محمد، میتافۆری چەمکیی لەزمانی کوردیدا، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر.

صحرایی، قاسم- زهرهوند، سعید، زاهیدی، سیده اکرم، صادق طاهره، *بررسی استعارة مفهومی زمان در شعر حافظ و جهان ملک خاتون، تحصیلی گروه زبان و ادبیات فارسی*، دانشگاه لرستان، خرم آباد، ایران، 1041.

ALLWOO-, JENS (2003), *MEANING POTENTIALS AND CONTEXT:SOME CONSEQUENCES FOR THE ANALYSIS OF VARIATION IN MEANING*, university of Gothenburg, GOTHENBURG PAPERS IN THEORETICAL LINGUISTI.

Dancygie-, Barbara (2017), *The Cambridge Handbook of Cognitive Linguistics*, , Cambridge University Press.

Evan-, Vyvyan and Green, Melanie (2006), *COGNITIVE LINGUISTICS: AN INTRODUCTION,* Edinburgh University Press Ltd 22 George Square, Edinburgh.

Evans- Vyvyan, K. Berge-, Benjamin and Zinken -Jörg (2007), *The Cognitive Linguistics Reader*, Press Final , First published, 27 July , London.

Evan-Vyvyan (2007), *A Glossary of cognitive linguistics*, Edinburgh university press.

Lakof-, George and Johnse-, Mark (2003.), *Metaphors we live by*, London: The university of Chicago press.

Münster-, Gernot (2020), *What is Time? – Thoughts of a Physicist Contribution to the "Symposium on Time" of the European Psychoanalytical Federation*, Brussels, April 2022, University of Münster, Institute for Theoretical Physics and Center for the Philosophy of Science, D-48149 Münster, Germany 17th March.

SHAM-, Golrokh (2019), *GENERAL INFORMATION ON THE DIFFERENT CONCEPTS OF TIME: FROM THE PHILOSOPHICAL AND PHYSICAL CONCEPT TO THE GRAMMATICAL AND LINGUISTIC CONCEPT*, Yerevan State University, Submitted: 16.09.2019, Guaranteed by YSU Chair of French Philology, Accepted for publication: 20.11.2019.

**پەراوێزەکان**

[1] بۆ زانیاری زیاتر بە زمانی کوردی، بڕوانە:

**-1** جەواد -هۆشەنگ فاروق،2022، 16

**-2** محمد- حاتم ولیا،، 5.

**-3** باپیر-دلاوەر شوکری-، خالید- فاروق عزیز، 2023، 615.

[2] Lakoff- George and Johnsen- Mark, Metaphors we live by, London: The university of Chicago press, 2003, 8-10

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەیارەی چۆنیەتی سەیرکردنی کات لە فیزیادا بڕوانە: Münster - Gernot, 2022, 3

[4] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی نیشانکارەکان و نیشانەکانی ناو دەق بڕوانە: تۆفیق- قەیس کاکل، پەیوەندییەکانی ناو دەق، 2002..